Iraqi airways الخطوط الجوية العراقية

مكتب هاوار
للسفر والسياحة

الوكيل العام لشركة الخطوط الجوية العراقية
في السليمانية

Tel.:3192500 - 3192501 - 3194500
Mob. : 07701444646 - 07702111100 - 07705052222 - 07301184444
07702210021 - 07701958899 - 07701960066 - 07301092525
E-mail:salar_faraj@yahoo.com
Web:www.salar2.bravehost.com

هاتف : ٣١٩٢٥٠٠ - ٣١٩٢٥٠١ - ٣١٩٤٥٠٠
موبايل : ٠٧٧٠١٤٤٤٦٤٦ - ٠٧٧٠٢١١١١٠٠ - ٠٧٧٠٥٠٥٢٢٢٢ - ٠٧٣٠١١٨٤٤٤٤
٠٧٧٠٢٢١٠٠٢١ - ٠٧٧٠١٩٥٨٨٩٩ - ٠٧٧٠١٩٦٠٠٦٦ - ٠٧٣٠١٠٩٢٥٢٥

العدد :
التاريخ ٢٠٠/ / /

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز مام جلال

## وەك ئاشکرایە لە کوردستان تەنها یەك مام جلال هەیە بەلام بەداخەوە ئیستا هەندی لەبەرپرسەکان خۆیان بە مام جلال دەزانن وە کوردستان جێگەی ئەم هەموو مام جەلالەی تیا نابێتەوە

بۆ جاری دەهەمە ئەم نامەیە ئەنیرم بۆ بەڕێزتان لە ڕێگەی سکرتاریەتی بەڕێزتانەوە وە لە ڕێگەی( دلێری سید مجید )ەوە بەلام بە داخەوە کەسیان نامەکانی منیان نەگەیاندە بەڕێزتان بۆیە بەناچاری بریارم دا بلاوی بکەمەوە لە رۆژنامەی هاوولاتی دا تا بگاتە دەستی بەریزتان رۆژنامەی هاوولاتیم بە باشتر زانی تیای بلاوبکەمەوە نەك بیدەمە کەنالی جزیرەو العربیە بۆ زانیاری بەریزتان پیشتر نامەیەکم نووسی بۆ تۆنی بلیر سالی 2004 کە تیایدا رەخنەم لە هەندی یاساکانی حکومەتی بریتانیا گرتبوو کە لەگەل ئەم رۆژگارەی ئەمرۆماندا ناگونجی بە زووترین کات وەلامی دامەوە بە واژووی خۆی وە سوپاسی کردم وە هەندی لە برگەکانیان جی بەجی کرد ئەی بۆچی بەریز مام جلال تۆ نامەکەم ناخوینیتەوە کە لە لایەن حزبەکەتەوە دەست گیراوە بەسەر بژیوی ژیانی خۆم و مال و منال و 16 فەرمانبەران ئەگەر بە دەستت گەیشتووە .

من ناوم سالار رووف حاج فرج افندیە بریکاری گشتی هێلی ئاسمانی عیراقی بووم لە سلیمانی بۆ ماوەی 18 سال وە پەیوەندی راستوخۆی دارایی و بەریوەبردنم بەوانەوە هەبوو وە ئاشکرایە لای بەریزتان تیکۆشانی بنەمالەکەمان بە خوین و بە مال بۆ گەلەکەمان وە خۆم و باوکم زیندانی کراوین لەسەردەمی زەعیم صدیقا بۆ ماوەی چەند مانگیك دوو جار وە یەکیك لەوانەی کە لە سجن لەگەلم بوون ناوی جمال جلالە لە خیزانیکی ناسراوی سلیمانیە وە لە ژیان ماوە ئیستا بی کارە لەگەل ئەوەی کە هەموو شەویك لەگەل ئیمەیا بۆ چەند سەعاتیك تەعزیب ئەیرا وە باوکم کۆچی دوایی کرد لەئەنجامی ئەو تەعزیبانە وە بەرگەی تەعزییی نەگرت چونکە کیشی 140 کیلۆ زیاتر بوو وە دانیشتووانی سلیمانی ئەزانن و دیویانە وە کوری مامەکەم کمالی حمەی حاجی فرج افندی و لەسەردەمی زەعیم صدیقا بە زیندووێتی لە حامیەی سلیمانی خرایە ژێر خاکەوە وە بە شۆفل گلی کرا بەسەردا چونکە بەرپرسیارێتی ناو شاری هەبوو.

وە من بووم سەلامی مەلا صابرم وەرگرت لە کاتیك چالاکیەکی ئەنجام دا لەبەردەم فیرقەی 5 وە بوو بە بەرپرسی حیمایەکانی بەریزتان کە من ( سلامی مەلا صابرم ) وەرگرت لە دەستی ( جلالی مامە حەمە ) کە ئەو ئیستا بەرپرسی پرسگەی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە هەولیر وە( سەلامی مەلا صابرم ) لەمالی خۆمان شاردەوە هەتا لە فرسەتیکا لە سلیمانی دەرمانکرد.

لەو سەردەمەدا من خویندکاری دواناوەندی بووم وە هەروەها من هەستام بە گەورەترین چالاکی لە سلیمانی لە سالانی حەفتاکاندا ئەو چالاکیەی کە حیزبەکەتان چەند جاریك بە هەموو هیزی خۆی هەولی بۆدا جی بە جێی بکات و نەیتوانی نامەوی باسی ئەو چالاکیە بکەم لەبەر چەند هۆکاریکی ئاسایشی تاییەت بە خۆم بەلام ئامادەم باسی بکەم لەبەردەمی بەریزتان ئەگەر ویستان وە پاشان لە ترسی سجن کردنم بۆ جاری سێیەم چوومە کۆی

المدير المفوض
سالار رؤف فرج

Iraqi airways الخطوط الجوية العراقية
الوكيل العام لشركة الخطوط الجوية العراقية
في السليمانية
مكتب هاوار
للسفر والسياحة
Tel.: 3192500-3192501-3192502
Mobile:07701444646 - 07702111100
07702210021- 07701958899
E-mail:salar_faraj@yahoo.com
Web:www.salar2.bravehost.com
هاتف : ٣١٩٢٥٠٠ - ٣١٩٢٥٠١ - ٣١٩٢٥٠٢
موبايل : ٠٧٧٠١٤٤٤٦٤٦ - ٠٧٧٠٢١١١١٠٠
٠٧٧٠٢٢١٠٠٢١ - ٠٧٧٠١٩٥٨٨٩٩

العدد :
التاريخ / / ٢٠٠

سنجاق وە لەوی لە مالی کوری پورم خالد دلیر مامەوە کە سکرتیری بەریزتان بووە لە خەباتی نهینی و ئاشکرا.

وە لەو کاتەدا بەریزتان لەگەل بارزانی هاتنە کۆی سنجاق بۆ بەستنی کۆنگرە لە مالی زیاد اغا وە ئەمانە بۆ بەبیرهینانەوەی بەریزتان بوو دەربارەی بنەمالەی ئیمە وە بەژداری شۆرشی ایلولم کردووە.بەلام ئیستا لە رۆژی 31-12-2007 دلیری سید مجید ( اکرمی سید مجید ) بەرپرسی دارایی حزبەکەتان دەستی کرد بە پلان دانان لەگەل بەریوەبەری فرۆکەخانەی سلیمانی (کامران احمد ) بۆ بردنی وەکالەتەکەم وە دوو زابتی ئاسایشی سلیمانی بە فەرمانی بەریوەبەری ئاسایشی سلیمانی وەستا حسن بۆ مەکتەبەکەم لە سلیمانی وە لە ژیر هەرەشەی چەك و سجن لەلایەن وەستا حسەنەوە هەستام بە تسلیم کردنی وەکالەتەکەم بۆ کۆمپانیای ازمر کە هی حزبەکەی بەریزتانە بە پی ی یاسای دارستان کە لە سلیمانی باوێتی وەکاری پی دەکریت وە دوور لە چاودێری جەنابت و کاك مسعود وە لیرەدا پرسیار لە بەریزتان دەکەین کە پیاوی یاسان وەك چۆن من لە سالانی شەستەکان یاسام خویندووە ئایا لە دەسەلاتی بەریوەبەری ئاسایشی سلیمانیە دەست بەسەر نووسینگەکەمان بگریت و بژیوی ژیانم ببریت ؟یان دەست بەسەر نووسینگە گرتن و برینی بژیوی ژیان پیوستی بەوەیە لە دادگا بریاری بۆ دەرچیت ئەگەر لە دەسەلاتی هەر بەریوەبەریتی ئاسایشا بیت رزقی خەلك ببریت ئەی رۆلی دادگاکان چی ئەبیت و بۆچی داناخریت هەروەك چۆن دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتی پیشوو کاری ئەکرد لەگەل گەلی کورد و هەموو گەلی عیراق وە دەرسی زۆرمان وەرگرت لە ئاسایش صدام حسین وە هەلسوکەتەکانیان وە چیان بەسەرهات .

بەریز مام جلال جیاوازی چی یە لە نیوان هەلسووکەوتی بەریوەبەری ئاسایشی سلیمانی وەستا حسن وە هەلسوکەوتی ئاسایشی رژیمی پیشوو وە ئیمە هیچ جیاوازیەك نابینین لە نیوانیاندا بەلکو زۆر بیٚ رەوشت تر بوون.لەگەل ئەوەی کامران احمد بەریوەبەری فرۆکەخانەی سلیمانی تازە بووە بە ئەندامی حزبەکەی ئیوە دوای نەمانی سجن و تەعزیب وە لەوسالانەدا ئەو ئەندازیاریکی مەدەنی بوو ئیشی ئەکرد لەلای مقاولیکی اهلی بەناوی ( زاهیری کریمە رەش )ە وە هیچ تیکۆشانیکی رۆژانی سەختی نیە وە ئیستا بووە بە بەتەلٚ ی ساحەلەسەر حسابی رەنج و ماندوبوونی تیکۆشانی چەندەها خیزان وەك ئیمە وەئیستا دژایەتی من ئەکات لە کردنەوەی فرۆکەخانەی سلیمانی لە سالی 2005 ەوە تا ئیستا وە هەرەشەی لی کردم کە وەکالەتەکەم لی بسەنیتەوە بەهەر شیوەیەك بیت لەبەرئەوەی رۆژیك ( ست ایمان )ی ناردبوو بۆلام داوای لی کردم کە وەکالەت بەم بە یەکیك لە خزمەکانی بەلام من داواکەیم رەت کردەوە لەبەرئەوەی ئەیانویست پلەوپایەی حزبی و حکومی بقۆزنەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان ئایا ئەو پارچە زەوییەی کە لە نزیك دائیرەی ئەمنە سوورەکەوە وەریگرت وەبایی یەك ملیۆن دۆلارە و ئیستا کۆشکیکی شاهانەی تیا دروست کردووە لەگەل مەلەوانگە کە پارەیەکی زۆریشیان دایە بۆ دروست کردنی وەك دیاری ئەمە بەسی نیە بۆ ئەوەی چاوی لە مالی خەلك نەبیٚت ئەم هەرەشانە بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو سال لەلایەن ئەو پالەوانانەو کە دوای را پەرین فیری کوردایەتی بوو لەگەل ئەوەی من پەیوەندیم نیە بە فرۆکەخانەی سلیمانیەوە نە ماددی و نە ئیداری لەبەر ئەوە پەیوەندیم لەگەل پچراندن تاکو وازبینن لە هەرەشەو ترساندنم .

المدير المفوض
سالار رؤف فرج

Tel.: 3192500-3192501-3192502
Mobile:07701444646 - 07702111100
07702210021- 07701958899
E-mail:salar_faraj@yahoo.com
Web:www.salar2.bravehost.com

هاتف : ٣١٩٢٥٠٠ - ٣١٩٢٥٠١ - ٣١٩٢٥٠٢
موبايل : ٠٧٧٠١٤٤٤٦٤٦ - ٠٧٧٠٢١١١١٠٠
٠٧٧٠٢٢١٠٠٢١ - ٠٧٧٠١٩٥٨٨٩٩


العدد :

التاريخ / / ٢٠٠

وه هەروەها جێگری بەڕێوەبەری فرۆکەخانە ( عبدالخالق محمد عبدالرحيم ) لە منی نووسی بۆ شەریکەی هێلی ئاسمانی گشتی عیراقی لە بەغداد بە پیّ ی نووسراوی 13 لە بەرواری 2006/8/6 وە بە ئیمزای خۆی کە نسخەکەم لایە و خۆی کە ئەم عبدالخالقە لێپرسراوی حزبی بعث بووە لە دائرەی بەریدی سلێمانی هەموو ساڵانی حکومەتی صدام و ناسراوبوو بە اخلاصیتی بۆ حزب وەلەبەرئەوەی لەسەر بیست پەت یاری دەکات وە ئێستا بووە بە ئەندامی یەکێتی حزبە کەتان وە هەلبژێراوە لە لایەن مسؤولیکی حزبەکەتان کە پشتی گرتووە ئایا ئەمە عەدالەتی کوردایەتیە کە ئیمە سجن بکرێین و نضال بکەین و کاك عبدالخالق بنوسێت لەسەر من لە ئە نجامی بعثێتیەوە ,وە من مسؤولیتی ئەم قسانە هەمووی ئەکەم بە نووسراوی رەسمی وە ئیمزاکراوە لەلایەن خۆیانەوە وە من ئامادەم لەسەر تلفزیون مقابەلەیان لەگەل بکەم بۆ ئەوەی هەموو ئەم شتانەیان دەرخەم بۆ میللەت و زوڵم و نا عەدالەت دەرکەوێت .

دوای ئەوە کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەی کە من هاوکاری فرۆکەخانەی هەولێر دەکەم وە من پارتیم و من دژایەتی حزبەکەی مام جلالم لیرەدا پرسیار لە بەریزتان دەکەم کە من بەو هەموو تیکۆشان و کورد پەروەریەمەوە تازە بیروباوەری خۆم ئەگۆرم دژی حزب و گەلەکەمم لەم پروپاگەندانە تەنها مەبەستیان ئەوەبوو کە بژێوی ژیانم ببرن و بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای ازمر تاکو چەند دیاری و پارەو پارچە زەوی تریشیان پیشکەش بکریت وەك پاداشتی دلسۆزیان بە بۆچوونی من ئەوانە دلسۆزی حزب نین وە بەم شیوازە پال بە هاوولاتیانەوە دەنین تا لە حزبەکەی مام جلال دوور بکەونەوە تا جیگا بۆخۆیان چۆل بیت چەند پلەو پایەی کە وەربگرن پاشان سەردانی بەرپرسی دارایی حزبەکەتم کرد ( دلیر سید مجید ) پرسیارم لی کرد بۆچی وەکالەتەکەمتان برد لە پیناوی بەرژەوەندی کۆمپانیای ازمر کە ئەوە بژیوی خۆم و 16 فەرمانبەرم بوو جوابی دامەوە ووتی قەیناکە بەشیکی کەم لە وەکالەتەکەت بۆ دەگەرینینەوە منیش پیم ووت کاك دلیری سید مجید ئەم قسەیەی تۆ وەکو ئەوە وایە دەست بەسەر خانووی یەکیکدا بگریت و دوایی پیی بلێبیت قەیناکە یەك ژوورت ئەدەینەوە ئیوە وا ئەزانن قسە لەگەل یەکیکی ساویلکەو نەزان ئەکەن کە من خانووەکە هی خۆم بیت چۆن بە ژووریك رازی ئەبم ئەو غەدرەی کە ئیوە لیتان کردووم نموونەی نیە لە هیچ شوینیکی ئەم دنیایەدا تەنانەت لە صۆمالیش کە لە برسی و تونیەتیدا دەمرن وە ئیستا تەنها ئوتومبیلی کریّ ماوە دلیری سید مجید دەستی بەسەرا بگریت لە پیناوی بەرژەوەندی کۆمپانیای نۆکان وە پرسیار لە بەریزتان دەکەم ئەمە دلسۆزیە بۆ حزب یان دژایەتیە وە ئیستا دانشتووانی سلیمانی وایان لی هاتووە لە دلیری سید مجیدو کامران احمد ئەترسن لەزولم و زۆریان وە ئەوەش بزانە کە خەلکی سلیمانی زولی زەعیم صدیقیان قبول نەکردو نەترسان ئیستا لەم پالەوانانە ناترسن وکە شۆرش گێر نین .

بەریز مام جلال لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا بەرزانی گەشتێکی کرد لە ناوچەی شاربازێر وە لە کاتی سەردانی یەکیك لە گوندەکان لە دەروازەی گوندەکە پیاوێك بە کۆلیّ چیلکەوە بەلایاندا تیّ دەپەرێت وە چیلکەکانی بەرشانی یەکیك لە کەسە نزیکەکانی بەرزانی دەکەوێت ئەویش بە گۆچان لە

المدير المفوض
سالار رؤف فرج

Iraqi airways

الخطوط الجوية العراقية

الوكيل العام لشركة الخطوط الجوية العراقية
في السليمانية

مكتب هاوار
للسفر والسياحة

Tel.: 3192500-3192501-3192502
Mobile:07701444646 - 07702111100
07702210021- 07701958899
E-mail:salar_faraj@yahoo.com
Web:www.salar2.bravehost.com

هاتف : ٣١٩٢٥٠٠ - ٣١٩٢٥٠١ - ٣١٩٢٥٠٢
موبايل : ٠٧٧٠١٤٤٤٦٤٦ - ٠٧٧٠٢١١١١٠٠
٠٧٧٠١٩٥٨٨٩٩ - ٠٧٧٠٢٢١٠٠٢١

العدد :
التاريخ / / ٢٠٠

کابرا دەدات پاش سکالای ئەو گوند نشینە لەلای بەرزانی ئەمر گۆچانەکەی خۆی دا بەدەست کابراو پێی ووت چەند گۆچانی پیادا داوی پیایدابدەرەوە لەگەل ئەوەی ئەو حیمایەیە کەسی نزیکی خۆی بوو پاشان بە حیمایەکەی ووت تۆ لێرە ناتوانی بژیت بگەریرەوە بۆ ناوچەی بادینان.ئاوا هەق دەگەرێتەوە بۆ خاوەن هەق لە هەمان کاتتدا ئەگەر بەرێزتان بتانەوێت ئەو هەقەم بۆ بگەرێنەوە هیچ پێویست بە دواخستن ناکات بۆیە داواکارم لە بەریزتان نەهێڵن ئەو غەدرە بەردەوام بیت و ئەمر بفەرموون بە گەرانەوەی وەکالەتەکەم کە دەستی بەسەرا گیراوە تەنها بە نامەیەك وە بە پیٚ ی برگەکانی یاسای دارستان وە داواکارم ئەو کەسانە بانگ بکەیت وە بە ئامادەبوونی خۆم بۆ خستنە رووی هەموو ئەو بەلگە نامانەی کە لام وە ئیمزای ئەوانی پێوەیە تا بزانیت چۆن دژایەتیان کردووم دوور لە هەموو بنەمایەکی یاسا لەگەل رێزدا.

07705052222
07501174444

المدير المفوض
سالار رؤف فرج